## جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان

## کارگەران، جوتیاران، لاوان، ئافرەتان، چین و توێژە نەداراکان

ئاشکرایە سەرەنجامی گەندەڵی چینی بیرۆکراسی مشەخۆر بە پاڵپشتی دەسەڵاتی خۆماڵی و لە پێناوی قۆرخ کردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەمان رۆژانە رەفتارە نامۆو دژە مرۆییەکانی خۆیان پەرە پێ دەدەن و قورسایی نەهامەتیەکانی سەرشانی هاوڵاتیان پتر دەکەن و گەمە بەبژێوی ماڵ و منداڵیانەوە دەکەن، لەبەرامبەردا رۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ بەرگرتن لەم دەسدرێژییانەو زەوت کردنی مافەکانیان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەنگی نارەزایی بەرز دەکەنەوە.

دوێنێ ٢٠٠٦/٨/٥ جەماوەری شاری کفری لەهەمبەر ئەو دیاردە مرۆڤ کوژیانەی رووی تێکردوون لەبێ نانی، بێ ئاوی، بێ کاری، بێ کارەبایی، بێ جێگەیی، بێ سووتەمەنی و گرانی..هتد کەتادێت بێ متمانەییان بەدەسەڵات زیاتر دەکات و باری گوزەرانی ژیانیان بەرەو ناهەموارتر دەبات، لەو پێناوەدا رژانە سەرشەقامەکان، مخابن ئەمجارەش دەسەڵاتداران وەکو پیشەی پێشوویان لەبری بەدەنگەوە چوونیان بەسیاسەتی ترس و تۆقاندن بەرەو روویان بوونەوە.

ئێمە وێرای پشتیوانی تەواوی خۆمان لەو نارەزایەتیانەی جەماوەر لەشوێنە جیا جیاکانی دیکەی کوردستان، پشتگیریمان لەخەڵکی دەڤەری گەرمیانی سوتماك دووپات دەکەینەوەو لەهەمان کاتدا داوا لەهێزە چەکدارەکانی کوردستان ئەکەین کەئەندامێکی کاریگەری جەستەی گەلە ستەمدیدەکەمانن چیتر رازی نەبن بکرێن بەدەسکەلاو بەگژبراو کەسوکارەکانی خۆیاندا بکرێنەوەو لەکاتی بەکارهێنانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نارەزایەتی جەماوەر ئاڵای سپی بەلوولەی چەکەکانیانەوە هەڵواسن و بەشداری نەکەن لەسەرکوت کردنیان و دەسبەرداربن لەدەسرێژو رەشبگیری و نیوە شەو هەڵکوتانە سەر ماڵەکانیان، لەجیاتی هەڵسوکەوتی نازیاری و ناشارستانیانە ریزی رابوونەکان فراوانترو سەنگەری خۆپیشاندانەکان تۆکمەتر بکەن و هاوبەش بن لەسنور دانان بۆ قەیرانە هەڵاوساوەکان کەلەسەر دەستی چینی سەرمایەداری داشۆراو لەدابونەریتە ئینسانیەکان دووچاری گەلەکەمان دەبن.

کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراو..

بەهەماهەنگی و هاوخەباتیمان دەگەین بەئاما نجەکا نمان و دەتوانین بەیەکریزی خۆمان مەودای دەستدرێژیەکان کورت بکەینەوەو هیچ نەبێت کەمترین مافە سەرەتاییەکانی ژیانێکی مرۆڤانە بەدەست بهێنین، ریزەکانتان یەکبخەن و نارەزایەتیەکانتان بەدوور لەهێرش و پەلامار بۆ سەر دامودەزگاکان پەرە پێبدەن و مەهێڵن چیتر دەسەڵاتداران بەبیانوی نابەجێ زەفەرتان پێ ببەن.

دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی

یەکێتی کۆمۆنیستەکان — پارتی چەپی کوردستان

٢٠٠٦/٨/٦